# ئیسرائیلیات لە قورئان دا

## ئەو بابەتانەی **محمد** لە (تلموود תלמוד و میدراش מדרש) ی جوولەکەوە وەریگرتوون؟



**شازین هێرش**
shazin85@yahoo.com

ئەگەر (کتێبی پیرۆز) بەردی بناغە و سەرەتای ئاینی جوولەکە بێت، ئەوا کتێبی تلموود **תלמוד** پایە بنەرەتیەکەیەتی: بەم شێوەیەش تلموود دەبێتە دیکۆمێنتێکی باوەرپێکراوی مەعنەوی، عەقلانی، ئەخلاقی، و بە بەشێکی گرنگیش لەپێکهاتەی ژیانی گەلی جوولەکە دەژمێردرێت..هەربۆیە دوژمنانی ئەم گەلە هەستیان بەو راستییە تاڵە کردبوو کە تا ئەم کتێبە بەشێك بێت لەژیانی رووحی و ئەخلاقیان ، ئەواهەمیشە وەك مەترسییەك رووبەرووی ئەوگەل و نەتەوانە دەبنەوە کەجوولەکەکان وەك کەمایەتیەك لەگەڵیاندا دەژیان. هەربۆیە ئەم کتێبە لەسەدەکانی ناوەراستدا چەندین جار کراوەتە خۆراکی ئاگرو بەتەواوەتیش قەدەغەکراوە!

جوولەکەکانیش گەیشتبوونە ئەو بروایەی گەر واز لەخوێندنەوەو دەست هەڵگرتن لەفێرکراوەکانی ئەم کتێبە بن ، ئەوا هیچ ئومێدێکیان بەمانەوە نابیت. هەربۆیە ئەم فێرکراوانە لەدوای کتێبی تەورات، بەگرنگترین کتێبی فەرهەنکی گەلی جوولەکە دەژمێردرێت و، هێندەش پشت بەم کتێبە دەبەستن بۆ مەسەلەکانی فوقە، شەریعەت و کێشە کۆمەڵایەتیەکانیان وژیانی رووحی و ئەخلاقییان، هێندە پشت بەتەورات نابەستن. هەربۆیە ئەم کتێبە رۆڵێکی گرنگی

لەژیانی جوولەکەدا بینیوە.بەکورتیش تلموود یەکێکە لەکتێبە پیرۆزەکان و لەلایەن حاخامەکانی جوولەکەوە نووسراوەتەوە. ئەم کتێبەش لەدووبەش پێکهاتووە کەبریتییە لە:

میشنا משנה وگیمارا גמרא کەهەردووو بەشەکەش بەمانای دەق و تەفسیروشروح دێت. تلموودیش بەمانای فێرکردن دێت.ئەم کتێبەش سەرجەم ئەفسانەو خورافیاتی ئاینی و رۆشنبیری جوولەکەیەو لە ڕوی عەقیدەو کاروباری ئاینییەوە، کەلەلایەن کاهینان و حاخامەکان (فەریسیەکان)ی جوولەکەوە نووسراوەتەوە و بەدەقیکی ئیلاهی و وەحی خوداوەند ناژمێردرێت. بەشێوەیەکی تر دەتوانین بڵێین کەتلموود تەفسیری سەرجەم کتێبی پەیمانی کۆن(عهدالقدیم)ە بەگشتی و( تەورات) ە بەتایبەتی: هەربۆیە لێرەدا هەوڵدەدەین کاریگەری ئەوکتێبە لەسەر قورئان بخەینە روو...کەبەچ شێوەیەك (محەمەد) سوودی لێوەرگرتووەو دواتر لەقورئاندا تۆماری کردوون و بەناوی دەقی ئیلا هی وەحی ئاسمانییەوە بەموسوڵمانی راگەیاندووە. جابابزانین چ بابەتێك لەم کتێبەوە دزەی کردۆتە نێوتێکستەکانی قورئانەوە . لێرەدا کۆمەڵێك ئایەتی قورئان دەکەینە نموونە تا کوو لەگەڵ تێکستی تلموودا بەراوردی بکەین

## ١- دنیای ئاخیرەت بە چێژ ترە !

**لە قورئاندا هاتووە:**

(وَمَا الْحَيَاةُ الدُّنْيَا فِي الْآخِرَةِ إِلَّا مَتَاعٌ) ( الرعد ٢٦).

**لەتلمودیشداهاتووە:**

جێژی سەعاتێك لە دنیای ئاخیرەت ، خۆشترە لە هەموو چێژەکانی ئەم دنیایە(میشنا ئاڤۆت،٥. ١٧).

## ٢- ئەندامە کانی لەشی مرۆڤ دەبنە شایەت

**لە قورئاندا هاتووە:**

(يَوْمَ تَشْهَدُ عَلَيْهِمْ أَلْسِنَتُهُمْ وَأَيْدِيهِمْ وَأَرْجُلُهُمْ بِمَا كَانُوا يَعْمَلُونَ) (نور ٢٤).

**لە تلمودیشداهاتووە:**

لەڕۆژی قیامەتدا ئەندامەکانی لەشی مرۆڤ دەبنە شایەت بەسەر کاروو کردەوەکانیدا ( حەگیگاه -١٦، تناخ١١).

## ٣- سەرخۆش قەدەغەیە نوێژ بکات

**لە قورئاندا هاتووە:**

(لَا تَقْرَبُوا الصَّلَاةَ وَأَنْتُمْ سُكَارَى) (النساء،٤٣ )

**لە تلمودیشدا هاتووە:**

(( **אסור להתפלל שכור** )) سەرخۆش قەدەغەیە نوێژ بکات (براخورت٢١،دال).

## ٤- ژنی تەڵاقدراو

**لە قورئاندا هاتووە:**

(وَالْمُطَلَّقَاتُ يَتَرَبَّصْنَ بِأَنْفُسِهِنَّ ثَلَاثَةَ قُرُوءٍ) (البقرة ٢٢٨).

**لە تلمودیشدا هاتووە:**

(( **להן עד שיהיו ינשאו לא גרושות** ))

(ژنی تەڵاقدراو نابێ شووبکەنەوە تا دەبنە سێ مانگ

## ٥- دو وساڵ شیر دەدرێت بە منداڵ

**لە قورئاندا هاتووە:**

(وَالْوَالِدَاتُ يُرْضِعْنَ أَوْلَادَهُنَّ حَوْلَيْنِ كَامِلَيْنِ) (البقرة: ٢٣).

**لە تلموودیشدا هاتووە:**

(( **את בנה שתי שנים אשה מיניקה** ))

ژنان بۆ ماوەی دووساڵ شیردەدەن بەمنداڵەکانیان ( کتوبیم،٦٠ئەلف).

## ٦- شەهیدانی ڕێگای دین

**لە قورئاندا هاتووە:**

(وَلَا تَقُولُوا لِمَنْ يُقْتَلُ فِي سَبِيلِ اللَّهِ أَمْوَاتٌ بَلْ أَحْيَاءٌ وَلَكِنْ لَا تَشْعُرُونَ) (بەقەرە: ١٥٤). (وَإِنَّ مِنْكُمْ لَمَنْ لَيُبَطِّئَنَّ فَإِنْ أَصَابَتْكُمْ مُصِيبَةٌ قَالَ قَدْ أَنْعَمَ اللَّهُ عَلَيَّ إِذْ لَمْ أَكُنْ مَعَهُمْ شَهِيدًا. وَلَئِنْ أَصَابَكُمْ فَضْلٌ مِنَ اللَّهِ لَيَقُولَنَّ كَأَنْ لَمْ تَكُنْ بَيْنَكُمْ وَبَيْنَهُ مَوَدَّةٌ يَا لَيْتَنِي كُنْتُ مَعَهُمْ فَأَفُوزَ فَوْزًا

عَظِيمًا. فَلْيُقَاتِلْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ الَّذِينَ يَشْرُونَ الْحَيَاةَ الدُّنْيَا بِالْآخِرَةِ وَمَنْ يُقَاتِلْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ فَيُقْتَلْ أَوْ يَغْلِبْ فَسَوْفَ نُؤْتِيهِ أَجْرًا عَظِيمًا) (النساء: ٧٢ . ٧٤).

**له تلموودیشدا هاتووه:**

"ئەوانەی له پێناوی ئایین شەهید دەبن، لەڕۆژی ئاخیرەتدا پلەوپایەیان لەلای خوداوەند هێندە بەرزە کە هیچ کەسێك ناتوانێت بەپایەی ئەوان بگات" (پساحیم، ٥٠ئەلف ).

## ٧- مرۆڤ له دڵۆپێك ئاو دروست بووه

**له قورئاندا هاتووه:**

(وَأَنَّهُ خَلَقَ الزَّوْجَيْنِ الذَّكَرَ وَالْأُنْثَى، مِنْ نُطْفَةٍ إِذَا تُمْنَى) (النجم: ٤٥، ٤٦)، (أَلَمْ نَخْلُقْكُمْ مِنْ مَاءٍ مَهِينٍ) (المرسلات: ٢٠).

**له تلموودیشدا هاتووه:**

خودا مرۆڤی لە قەترەیەك ئاوی بۆگەن درووستكردووه(سووطا ، ١٩:٥یان ٢٢).

هەروەها: "كچەكەی رەبی گەمەلائیل بەپیاوێكی كافری رۆمانی گووت: خوداوەند مرۆڤی له تنۆكێك دروست كردووه (سنهدرين، ٩٠ب،٩١ئەلف).

## ٨ – هەرچییەك لەلای خواوە بێت خۆشە

**له قورئاندا هاتووه:**

(كُتِبَ عَلَيْكُمُ الْقِتَالُ وَهُوَ كُرْهٌ لَكُمْ وَعَسَى أَنْ تَكْرَهُوا شَيْئًا وَهُوَ خَيْرٌ لَكُمْ وَعَسَى أَنْ تُحِبُّوا شَيْئًا وَهُوَ شَرٌّ لَكُمْ وَاللَّهُ يَعْلَمُ وَأَنْتُمْ لَا تَعْلَمُونَ) (٢١٦).

**له تلموودیشدا هاتووه:**

هەر كارێك كە خودای رەحمان دەیكات مەبەستی خێروچاكەیە (بەراخوورت،٦٠ب).

## ٩- ئاسمان و زەوی لەحەوت چین پێكهاتووه

**له قورئاندا هاتووه:**

(هُوَ الَّذِي خَلَقَ لَكُمْ مَا فِي الْأَرْضِ جَمِيعًا ثُمَّ اسْتَوَى إِلَى السَّمَاءِ فَسَوَّاهُنَّ سَبْعَ سَمَوَاتٍ وَهُوَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ) (البقرة: ٢٩). (تُسَبِّحُ لَهُ السَّمَوَاتُ السَّبْعُ وَالْأَرْضُ وَمَنْ فِيهِنَّ وَإِنْ مِنْ شَيْءٍ إِلَّا يُسَبِّحُ بِحَمْدِهِ وَلَكِنْ لَا تَفْقَهُونَ تَسْبِيحَهُمْ إِنَّهُ كَانَ حَلِيمًا غَفُورًا) (الإسراء: ٤٤).

**له تلموودیشدا هاتووه:**

ئاسمان لەحەوت چین- שבעה רקיעין- پێکهاتووه کە ناویان: ڤیلۆن، راقیع، شحاقیم، زوول، ماعوون، ماخوون، عراووت، هەروەها زەویش لەحەوت چین پێکهاتووه (ئەستیر رەبا١٢:١).

## ١٠- خودا کێی بوێت ئازادی دەکات

**له قورئاندا هاتووه:**

(مَاذَا أَرَادَ اللَّهُ بِهَذَا مَثَلًا كَذَلِكَ يُضِلُّ اللَّهُ مَنْ يَشَاءُ وَيَهْدِي مَنْ يَشَاءُ وَمَا يَعْلَمُ جُنُودَ رَبِّكَ إِلَّا هُوَ وَمَا هِيَ إِلَّا ذِكْرَى لِلْبَشَرِ) (المدثر: ٣١).

**له تلموودیشدا هاتووه:**

گەرخوودا مەیلی لەسەر بێت هەر کەسێکی بووێت ئازادی دەکات هەر کەسێکیشی بوێت مەحکوومی دەکات (میدراش تهیلیم، زەبووری یەك، ١٢ب).

## ١١-وەرەقەی ئەعمالی مرۆڤ

**له قورئاندا هاتووه:** (وَتَرَى كُلَّ أُمَّةٍ جَاثِيَةً كُلُّ أُمَّةٍ تُدْعَى إِلَى كِتَابِهَا الْيَوْمَ تُجْزَوْنَ مَا كُنْتُمْ تَعْمَلُونَ) (الجاثية: ٢٨). (أَمْ يَحْسَبُونَ أَنَّا لَا نَسْمَعُ سِرَّهُمْ وَنَجْوَاهُمْ بَلَى وَرُسُلُنَا لَدَيْهِمْ يَكْتُبُونَ) (الزخرف: ٨٠).

**له تلموودیشدا هاتووه:**

هەموو کاروکردەوەکانت لە کتێبێکدا نووسراوە و تۆمارکراوە (میشنا ئەڤۆت،٢:١)

## ١٢- دۆزەخی هەمیشەیی

**له قورئاندا هاتووه:**

(وَتَرَاهُمْ يُعْرَضُونَ عَلَيْهَا خَاشِعِينَ مِنَ الذُّلِّ يَنْظُرُونَ مِنْ طَرْفٍ خَفِيٍّ وَقَالَ الَّذِينَ آمَنُوا إِنَّ الْخَاسِرِينَ الَّذِينَ خَسِرُوا أَنْفُسَهُمْ وَأَهْلِيهِمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ أَلَا إِنَّ الظَّالِمِينَ فِي عَذَابٍ مُقِيمٍ) (الشورى : ٤٥).

(إِنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا لَنْ تُغْنِيَ عَنْهُمْ أَمْوَالُهُمْ وَلَا أَوْلَادُهُمْ مِنَ اللَّهِ شَيْئًا وَأُولَئِكَ أَصْحَابُ النَّارِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ) (آل عمران: ١١٦).

**لەتلموودیشدا هاتووە:**

خراپەکاران بچنە دۆزە خی هەمیشەییەوە (هەمان میدراش).

## ١٣ - رووی رەشی مرۆڤ لە دۆزەخدا

**لە قورئاندا هاتووە:**

(يَوْمَ تَبْيَضُّ وُجُوهٌ وَتَسْوَدُّ وُجُوهٌ فَأَمَّا الَّذِينَ اسْوَدَّتْ وُجُوهُهُمْ أَكَفَرْتُمْ بَعْدَ إِيمَانِكُمْ فَذُوقُوا الْعَذَابَ بِمَا كُنْتُمْ تَكْفُرُونَ) (١٠٦).

**لەتلموودیشدا هاتووە:**

رووخساری گوناهکاران لەدنیای ئاخیرەت وەك بنی مەنجەڵ ڕەشە (روش هەشنا،١٦و١٧ئەلف).

## ١٤- چینی خوارەوەی جەهەنم

**لەقورئاندا هاتووە:**

(إِنَّ الْمُنَافِقِينَ فِي الدَّرْكِ الأَسْفَلِ مِنَ النَّارِ وَلَنْ تَجِدَ لَهُمْ نَصِيرًا) (النساء: ١٤٥).

**لە میدراشیشدا هاتوە:**

رووحی خراپەکاران و تاوانباران دەخرێنە چینی خوارە وە ی جەهەنم (قۆهێلێت رەببا، پەیوەست بەجامعەی سلیمان-٣:٢١).

## ١٥-جیهانمان بۆ مرۆڤ خەلقکردووە

**لە قورئانداهاتووە:**

(وَاللَّهُ جَعَلَ لَكُمْ مِنْ بُيُوتِكُمْ سَكَنًا وَجَعَلَ لَكُمْ مِنْ جُلُودِ الْأَنْعَامِ بُيُوتًا تَسْتَخِفُّونَهَا يَوْمَ ظَعْنِكُمْ وَيَوْمَ إِقَامَتِكُمْ وَمِنْ أَصْوَافِهَا وَأَوْبَارِهَا وَأَشْعَارِهَا أَثَاثًا وَمَتَاعًا إِلَى حِينٍ) (النحل: ٨٠). (وَالَّذِي خَلَقَ الْأَزْوَاجَ كُلَّهَا وَجَعَلَ لَكُمْ مِنَ الْفُلْكِ وَالْأَنْعَامِ مَا تَرْكَبُونَ (١٢).

**لە میدراشیشداهاتووە::**

جیهانمانمان وەك شوێنێك بۆ نیشتەجێبوونی مرۆڤ خەلقکردووە، هەچییەك لەجیهاندا هەیە بۆسوودی ئێوەی مرۆڤ خەلقمانکردووە ،چوونکە هەرلەسەرەتادا هەمووپێویستییەکی ژیان وخۆراکی ئەومان ئامادە کردووە و ئینجا خەلقمانکردوون (بریشت رەبا،٨:٥).

## ١٦- يوسف و زوڵه يخا

**له قورئاندا هاتووه :**

(فَلَمَّا سَمِعَتْ بِمَكْرِهِنَّ أَرْسَلَتْ إِلَيْهِنَّ وَأَعْتَدَتْ لَهُنَّ مُتَّكَأً وَآتَتْ كُلَّ وَاحِدَةٍ مِنْهُنَّ سِكِّينًا وَقَالَتِ اخْرُجْ عَلَيْهِنَّ فَلَمَّا رَأَيْنَهُ أَكْبَرْنَهُ وَقَطَّعْنَ أَيْدِيَهُنَّ وَقُلْنَ حَاشَ لِلَّهِ مَا هَذَا بَشَرًا إِنْ هَذَا إِلَّا مَلَكٌ كَرِيم) (يوسف: ٣١).

**له تلموودیشدا هاتووه:**

كاتیك چەند كەسێك دەبنە میوانی ماڵی فوتیفیری فیرعەون كە ژنەكەی زوڵەیخای ناوە، بۆ ئەوەی لە جوانی و قۆزی رووخساروو باڵای یووسف بروانن كاتێكیش میوە لە بەردەمی میوانەكاندا دادەنێن، یەكێكیان لەكاتی پاك كردنی میوەدا پەنجەیەكی بەچەقۆ دەبری بەبێ ئەوەی هەستی پێبكات و دڵۆپە خوێنیش دەچۆڕایەوە سەر جلەكانی، ئەگەرچی چاووخەیاڵیشی هەر لەسەر یووسف بوو(هاگادا، تەفسیری میدراش، وەسێتنامەی یووسف، بابی ٣-١٠).

جگە لە هەموو ئەمانەش، لەئایەتی" ٥-١٠٢"ی سوورەتی یووسف لە قورئاندا، لە تەورات و تەلموود و میدراشەوە وەرگیراوون.

## ١٧-ئیبراهیم پێغەمبەر

**له قورئاندا هاتووة::**

(فَلَمَّا جَنَّ عَلَيْهِ اللَّيْلُ رَأَى كَوْكَبًا قَالَ هَذَا رَبِّي فَلَمَّا أَفَلَ قَالَ لَا أُحِبُّ الْآفِلِينَ (٧٦) فَلَمَّا رَأَى الْقَمَرَ بَازِغًا قَالَ هَذَا رَبِّي فَلَمَّا أَفَلَ قَالَ لَئِنْ لَمْ يَهْدِنِي رَبِّي لَأَكُونَنَّ مِنَ الْقَوْمِ الضَّالِّينَ (٧٧) فَلَمَّا رَأَى الشَّمْسَ بَازِغَةً قَالَ هَذَا رَبِّي هَذَا أَكْبَرُ فَلَمَّا أَفَلَتْ قَالَ يَا قَوْمِ إِنِّي بَرِيءٌ مِمَّا تُشْرِكُونَ (٧٨) إِنِّي وَجَّهْتُ وَجْهِيَ لِلَّذِي فَطَرَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ حَنِيفًا وَمَا أَنَا مِنَ الْمُشْرِكِينَ) (الأنعام: ٧٩).

**لەتلموودیشدا هاتووه:**

پاشان ئیبراهیم هۆش و خەیاڵی ئاراستەی نهێنی خەلقكردنی جیهان كرد، لەسەرەتاشدا لەوبروایەدا بوو كە ئەستێرەكان و مانگ و ڕۆژ بپەرستێت، تا گەیشتە ئەوبروایەی كەكامیان جیهانیان خەلقكردووە ، كاتێكیش مانگی بینی، كە چۆن ئاسمان رووناك دەكاتەوەو ئەستیرەكانیش بەدەوریدا دە بریسكینەوە ئیبراهیم گووتی ئەمە خودای منە، بەدرێژایی ئەو

شـەوەش کەوتـە پەرسـتنی، لەدەمـە و بەیانیـشدا کـەخۆر هـەڵات و لەبەرامبـەر مانگـدا جیلـوە و رووناکی خۆی لەدەستدا، گووتی رووناکی مانگ دەبێت لە رۆشنایی خۆرە وە وە رگیرابێت و بـوونی جیهـانیش پەیوەسـتە بـەبوونی خـۆرەوە، ئـەویش بەدرێـژایی ئـەو رۆژە خـۆری پەرسـت، ئێـوارەش کاتێـك کـە رۆژ ئـاوا بـوو، دووبـارە مـانگ لەشـەودا ئاسمـانی روونـاك کـردەوەو لەگـەڵ ئەسـتێرەکاندا دەبریـسکانەوە، ئینجـا ئیـبراهیم گـووتی: بێگومـان هـەموو ئەمانـە خـەلقکراون و خولقێنە روو خودایەکیان هەیە. (میدراش هیگادۆل).

## ١٨- ئاسمان و زەوی

**لەقورئاندا هاتووە:**

(الَّذِي جَعَلَ لَكُمُ الْأَرْضَ فِرَاشًا وَالسَّمَاءَ بِنَاءً وَأَنْزَلَ مِنَ السَّمَاءِ مَاءً فَأَخْرَجَ بِهِ مِنَ الثَّمَرَاتِ رِزْقًا لَكُمْ فَلَا تَجْعَلُوا لِلَّهِ أَنْدَادًا وَأَنْتُمْ تَعْلَمُونَ) (البقرة: ٢٢).

**لە میدراشیشداهاتووە:**

ئـەو ئاسمانـەکان و زەوی راخـستووە و گردودۆڵـەکانی خـەلقکردووە و بـە گـژووگیا دۆڵـەکانی داپۆشیوە، ئەوباران و شەونممان بۆدەنێرێ (شموت رەبا،١٤:٥).

## ١٩- خودا هەموو نهێنییەك دەزانێت

**لە قورئاندا هاتووە:**

(إِنَّ اللَّهَ لَا يَخْفَى عَلَيْهِ شَيْءٌ فِي الْأَرْضِ وَلَا فِي السَّمَاءِ (٥) قُلْ إِنْ تُخْفُوا مَا فِي صُدُورِكُمْ أَوْ تُبْدُوهُ يَعْلَمْهُ اللَّهُ وَيَعْلَمُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ وَاللَّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ) (آل عمران: ٢٩).

**له تەلمود و میدراشیشدا هاتوه:**

هیچ شتێك لەخودا شاراوە نیەوخوداوەند پیرۆزە کەزانای نهێنییەکانە وهەمووشتێك لای ئەوئاشکرایە و لەسەروو ئاسمانەکانەوەیە وچاودێری کاروکردە وە ی بەندە کانیەتی(یرشلومی براخورت١٣جیم، مخلیتا، پەیوەست بەئایەتەکانی ٢٣ لەبابی١٢،لەسفری خروج،لا١٢،ئەلف).

## ٢٠- تۆبەو پەشیمان بوونەوە

**له قورئاندا هاتووه:**

(إِنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا بَعْدَ إِيمَانِهِمْ ثُمَّ ازْدَادُوا كُفْرًا لَنْ تُقْبَلَ تَوْبَتُهُمْ وَأُولَئِكَ هُمُ الضَّالُّونَ) (آل عمران: ٩٠).

**له تەلمودیشدا هاتووه:**

ئەو کەسەی دە لێت من گوناهە دەکەم و دوایش تۆبە دەکەم ،جارێکی ترگوناهە دەکەم و دوایش تۆبە دەکەمەوە،خودا ڕێگای تۆبە کردنی لیٚ دادەخات (میشنا یوما،٩:٨).

## ٢١-چێژەکانی دنیاو ڕۆژی دوایی

**لەقورئانداهاتووه:**

(مَنْ كَانَ يُرِيدُ حَرْثَ الْآخِرَةِ نَزِدْ لَهُ فِي حَرْثِهِ وَمَنْ كَانَ يُرِيدُ حَرْثَ الدُّنْيَا نُؤْتِهِ مِنْهَا وَمَا لَهُ فِي الْآخِرَةِ مِنْ نَصِيبٍ) (٢٠)

**لەمیدراشیشدا هاتووه:**

هەرکەسێك لە خۆشی ولەزەتی ئەم جیهانە سوودمەندبێت، ئەوا لەخۆشی و چێژەکانی دنیای ئاخیرەت لەدەست ئەدات، هەرکەسێکیش لەخۆشیەکان ولە زەتی ئەم جیهانە بێبەش بێت، ئەوا خۆشی و چێژەکانی دنیای ئاخیرەت بەدەست دەهێنێت(ئاڤۆت ڕەبی ناتان، ٨ ٢).

## ٢١- فریشتەی گیان کێشان

**لەقورئاندا هاتووه:**

(الَّذِينَ تَتَوَفَّاهُمُ الْمَلَائِكَةُ طَيِّبِينَ يَقُولُونَ سَلَامٌ عَلَيْكُمُ ادْخُلُوا الْجَنَّةَ بِمَا كُنْتُمْ تَعْمَلُونَ) (النحل: ٣٢).

(قُلْ يَتَوَفَّاكُمْ مَلَكُ الْمَوْتِ الَّذِي وُكِّلَ بِكُمْ ثُمَّ إِلَى رَبِّكُمْ تُرْجَعُونَ(السجدة: ١١).

**لەمیدراشیشداهاتووە:**

کاتێک تەمەنی مرۆڤ دەگاتە کۆتایی و دنیای ئەمرۆ بەجێدەهێڵێت فریشتەی مەرگ گیانی "نیشاما" ی دەکێشێت، پاشان روحی چاکەکاران دەچێتە خزمەتی شکۆی خوداوەندەوە (میدراش تهیلیم، پەیوەست بە ئایەتی ٧ لەزەبوری١١ی زەبوورەکانی داوود،ل٥١ب-٥٢ ئەلف).

## ٢٣-چینەکانی جەهەننەم

**لەقورئانداهاتووە:**

(وَإِنَّ جَهَنَّمَ لَمَوْعِدُهُمْ أَجْمَعِينَ، لَهَا سَبْعَةُ أَبْوَابٍ لِكُلِّ بَابٍ مِنْهُمْ جُزْءٌ مَقْسُومٌ (الحجر: ٤٣، ٤٤).

**لە میدراشیشدا هاتووە:**

جەهەنم لەحەوت چین پیکهاتووە تامرۆڤیش خوێریتروخراپەکارتربێت دەخریتە چینی خوارترە وە کەناوەکانیشیان بریتییە لە: شیئول، ئادۆن، گهینوم، دۆما، صلماڤوت، ارص تحتيت، ارص نیشیا (میدراش تهیلیم،پەیوەست بەئایەت ی ٧لەزەبووزری١١ی زەبوورەکانی داود،ل٥١ ئەلف).

## ٢٤-خودا پێشبینی هەمووشتێك دەکات

**لەقورئاندا هاتووە:**

(وَلَقَدْ خَلَقْنَا الْإِنْسَانَ وَنَعْلَمُ مَا تُوَسْوِسُ بِهِ نَفْسُهُ وَنَحْنُ أَقْرَبُ إِلَيْهِ مِنْ حَبْلِ الْوَرِيدِ) (ق: ١٦)، (يَعْلَمُ مَا بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَمَا خَلْفَهُمْ وَإِلَى اللَّهِ تُرْجَعُ الْأُمُورُ) (الحج: ٧٦).

**لەتلمودیشدا هاتووە:**

لە ئایندەدا هەرشتێك رووبدات خودا دەیزانێت(سەنهدرین، ٩٠ب).

**لە میدراشیشدا هاتووە:**

هەمووشتێك لەلایەن زاتی پیرۆزیەوە پێشبینی کراوە(تنحوما-شلح،دێری،٩). هەتا بەرلەوەی کەمندال لەرەحمی دایکیدا درووست بێت بیرکردنەوەشی لەلای خوداوە پێشبینی کراوە(بریشت رەبا،٣: ٩).

## ٢٥- سلێمانی پێغەمبەرو عیفریتەکانی

**لەقورئاندا هاتووە:**

(وَلَقَدْ فَتَنَّا سُلَيْمَانَ وَأَلْقَيْنَا عَلَى كُرْسِيِّهِ جَسَدًا ثُمَّ أَنَابَ) (ص: ٣٤). (وَحُشِرَ لِسُلَيْمَانَ جُنُودُهُ مِنَ الْجِنِّ وَالْإِنْسِ وَالطَّيْرِ فَهُمْ يُوزَعُونَ) (النحل: ١٧).

**لەمیدراشیشدا هاتووە:**

سلێمان پێغەمبەر زۆربەی جنۆکەکان و ئەرواحەکانی خستبووە ژێر دەسەلاٌتی خۆیەوە(شموت رەبا،١٦:٣٠) سلێمانیش بەهۆی ئەو گوناهەی کەکردبووی مستیلە سیحرییەکەی ونکردبوو کە هەمووهێزو توانای لەوەوە وەرگرتبوو ، بۆماوەیەکیش دەسەلاٌتەکەی لەدەستدا، پاشان سەرگەردان بوو. ئینجا شەیتان بەشێوەی سلێمان خۆی نیشاندا و لەسەر کورسی فەرمانرەوایەکەی دانیشت ، بەلاٌم سلێمان لەگوناهەکەی خۆی پەشیمان بووەوەو تۆبەی کردوو لەئەنجامیشدا مستیلەکەی دۆزییەوەو گەرایەوە سەر کورسی دەسەلاٌتەکەی (بت هامیدراش، فەسلی دووەم،دێری ٨٦و٨٧).

## ٢٥-گەنجی قاروون

**لەقورئاندا هاتووە:**

(إِنَّ قَارُونَ كَانَ مِنْ قَوْمِ مُوسَى فَبَغَى عَلَيْهِمْ وَآتَيْنَاهُ مِنَ الْكُنُوزِ مَا إِنَّ مَفَاتِحَهُ لَتَنُوءُ بِالْعُصْبَةِ أُولِي الْقُوَّةِ إِذْ قَالَ لَهُ قَوْمُهُ لَا تَفْرَحْ إِنَّ اللَّهَ لَا يُحِبُّ الْفَرِحِينَ) (القصص: ٧٦).

**لەتلمودیشدا هاتووە:**

تەنها کلیلەکانی گەنجی قاروون باری سێسەد هێستر بووە (سنهدرین ئەلف،١١٠).

## ٢٦- شەیتان و مرۆڤ

**لەقورئاندا هاتووە:**

(وَقَالَ الشَّيْطَانُ لَمَّا قُضِيَ الْأَمْرُ إِنَّ اللَّهَ وَعَدَكُمْ وَعْدَ الْحَقِّ وَوَعَدْتُكُمْ فَأَخْلَفْتُكُمْ وَمَا كَانَ لِي عَلَيْكُمْ مِنْ سُلْطَانٍ إِلَّا أَنْ دَعَوْتُكُمْ فَاسْتَجَبْتُمْ لِي فَلَا تَلُومُونِي وَلُومُوا أَنْفُسَكُمْ مَا أَنَا بِمُصْرِخِكُمْ وَمَا أَنْتُمْ بِمُصْرِخِيَّ إِنِّي كَفَرْتُ بِمَا أَشْرَكْتُمُونِ مِنْ قَبْلُ إِنَّ الظَّالِمِينَ لَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ) (إبراهيم: ٢٢).

**له تەلموديشداهاتووه:**

**مرۆڤ پێویستە هۆشیار بێت تانەکەوێتە داوی شەیتانەوە وشەیتانیش سیٚکار ئەنجام دەدات، مرووٚڤ فریوودەدات و گومرای دەکات، لەرۆژی لێپرسینەوەشدا لەحزوری خوداوەندا مرۆڤ تاوانبار دەکات کەجێبەجێکردنی حوکمی مردنیەتی(باوە بەترا،١٦ئەلف)**

## ٢٧- دەفتەری ئەعمالی مرۆڤ

**لەقورئاندا هاتووه:**

**(أَمْ يَحْسَبُونَ أَنَّا لَا نَسْمَعُ سِرَّهُمْ وَنَجْوَاهُمْ بَلَى وَرُسُلُنَا لَدَيْهِمْ يَكْتُبُونَ) (الزخرف: ٨٠). (وَإِنَّ عَلَيْكُمْ لَحَافِظِينَ (١٠) كِرَامًا كَاتِبِينَ (١١) يَعْلَمُونَ مَا تَفْعَلُونَ (الانفطار: ١٢). (وَإِذَا الصُّحُفُ نُشِرَتْ) (التكوير: ١٠). (أَمْ يَحْسَبُونَ أَنَّا لَا نَسْمَعُ سِرَّهُمْ وَنَجْوَاهُمْ بَلَى وَرُسُلُنَا لَدَيْهِمْ يَكْتُبُونَ) الزخرف: ٨٠). (إِذْ يَتَلَقَّى الْمُتَلَقِّيَانِ عَنِ الْيَمِينِ وَعَنِ الشِّمَالِ قَعِيدٌ) (ق: ١٧).**

**لەتلموودیشدا هاتووه:**

**دووفریشتەی خزمەتکار بەبەردەوامی لەگەڵ مرۆڤدان تاکوو رەفتارو کاروو کردەوەی ڕۆژانەیان تۆمار بکەن و لەدادگای دادپە روەری خوداوەندا شایەتیان لەسەر بدەن، جگە لەوەی کەمرۆڤ هەرکارێك بەنهێنی ئەنجام بدات لەدەفتەری ئەعمالی ژیانی رۆژانەیدا دەنووسرێت (حگیگا،١٦،ئەلف)**

**هەموو کارووکردەوەکانت لەکتێبێکدا نووسراوە و تۆمار کراوە (میشنا ئەڤۆت،٢:١)**

**ئەمەجگە لەدەیان چیرۆك و بەسەرهاتی ژیانی پێغەمبەران وئایەتەکانی قورئان کەموسوڵمانان بەوپەری لووتبەرزییەوە شانازی بەئیعجازەکانیەوە دەکەن،کەسەرجەمیان لەکتێبە جیاوازەکانی جوولەکەو حاخامەکانیانەوە وەرگیراوون. جگە لە حەدیسەکانی پەیامبەری ئیسلام و تەفسیرە جیاوازەکانی قورئان و چەندین بابەتی تر ... کەکۆی هەمووئەوبابەتانەی قورئان لەتلموودومیدراشی جوولەکەوە وەریگرتوون، دووسەد بابەتە لەتلموودی بابلی وبیست بابەتی تریشی لەتلموودی فەلەستینیەوە وەرگرتووە .**

**سەرچاوە:**


١-گنجینەای از تلمود، د.ابراهم کهن، ترجمە انکلیسی امیر فریدون کرکانی ، ،انتشارات اساطیر چاپ اول،١٣٨٢

٢-ئایینی یەهودی وئیسلام ، ئەبراهەم گایگەر

Judaism and Islam. By Abraham Geiger